## دادگای پێشەوا و هاوڕێیانی

**ئەوە** کتێبێکی بەڵگەنامەیی گرنگە و سەرچاوەی زانیاری و بەڵگەنامەکانی "سازمان اسناد ملی ایران"ە، بەڵام شێوازی دارشتنی کتێبەکە، ئاڵۆزی و بشێویی زۆری پێوە دیارە و خوێنەر ناتوانێت بزانێ بەڵگەنامەکان چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە دەست کەوتوون و کەی؟ تەنانەت ناوی نووسەری کتێبەکە بە ئاشکرا رانەگەیێنراوە. بەگوێرەی ناوەڕۆک، دەبێ نووسەری کتێبەکە نەمر دوکتور رەحیمی سەیفی قازی بێت، کە کتێبەکەی بە فارسی یا تورکی ئازەربایجانی نووسیبێت بەڵام بە رووبەرگ و لاپەڕە 3 و 4 ەوە ناوی "محەمەدڕەزا سەیف قازی" بە شێوەیەک راگەیێنراوە کە وێ دەچێت نووسەر بێت و "عەلی ئەکبەر مەجیدی" ش بە وەرگێڕ دانراوە. ئەم زانیارییانە بۆ کتێبێکی بەڵگەنامەیی کە دەبی خوێنەر متمانەی پی بکات، گەلێک گرنگن و ئەم ناتەواوییانە شوێن دادەنێتە سەر باوەڕ و متمانەی خوێنەر.

هەرچۆنێک بێت، کتێبەکە ژیننامەی کورتی پێشەوا و شەهیدان محەمەد حسین سەیفی قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی تێدا چاپ کراوە و پاشان نزیکەی 60 لاپەرە هەواڵ و وێنە لەژێر ناوی "نهێنیەکانی دادگایی کردنی قازی محەمەد" راگەیێنراوە - کە زۆربەی زۆریان پێشتر بینراون و بۆ ئەوە نابن بە "نهێنی" ناو ببرێن. ئینجا "وەسیەتنامەی سیاسی پێشەوا" بڵاو بۆتەوە کە پێشتریش لە شوێنی دیکەدا راگەیێنراوە و لە هیچکامیاندا سەرچاوەکەی بە تەواوەتی ئاشکرا نەکراوە واتە باس لە گۆڤارێکی فارسی کراوە کە کەس نەیدیتووە و وێنەی لاپەڕەکانی چاپ نەکراوەتەوە.

بەڵام گرنگترین بەشی کتێبەکە، بەڵگەنامەکانن (لاپەڕە 111 تا 231).

بەڵگەکان هەمووی فارسین و تەرجەمەی کوردییان لەگەڵدا هاتووە. تەرجەمەکان پڕن لە هەڵە و ناتەواویی و خوێنەر ناتوانێ پشتیان پێ ببستێت.

زۆرێک لە بەڵگەنامەکان باسی بۆکان و کەسایەتییە بۆکانییەکانیان تێدا کراوە. ئەوەش ژمارەی لاپەڕەی بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە بۆکانن :

116 تا 120، 132، 151، 153، 159، 184، 210، 212، 218، 226، 230.

بەشی هەرە دڵتەزێنی کتێبەکە ئەو نامە و گازەندانەن کە لە کاتی گیرانی پێشەوا و هاوڕێیانیدا هەندێک کەسی کینە لە دڵ و ترسەنۆک بۆ شا و سەرەک وەزیرانی ئێرانیان نووسیوە و داوای سزادانی ئەو قارەمانانەیەن کردووە. ژمارەیەک لەوانە ئاغاواتی قارەمانی و مەعروفی و شێخ ئاغایی و گەورک و هەروەها عەبدوڵلاغای ئێلخانی زادەن، کە جگە لە یەک دوو کەسیان ئاشکرایە ئەوانیتر لە ژێر گوشاری سوپای ئێراندا ئەم کارە ناجوانمێرانەیان کردووە و وەباڵی سەرەکی کارەکە دەبێ بدرێتە پاڵ فەرماندەرانی سوپایی ناوچەکە.

محەمەدڕەزا سەیف قازی؛ "نهێنیەکانی دادگاییکردنی قازی محەمەد و هاوڕێیانی - بەڵگەنامەکان"؛ وەرگێڕ: عەلی ئەکبەر مەجیدی، زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان؛ سلێمانی؛ 2008؛ 231 لاپەڕە؛ کوردی.